# رووەو بەغدا, بەرەو سەراب

**نورەدین وەیسی**
**nuradinwaisi@hotmail.com**

بۆ بەشدای نەکردنم لە هەڵبژاردنەکانی عیراقدا هەزارو یەك پاساوم بەدەستەوە بوو، لەوانە:

- ئەمن خۆم پێ عیراقی نییە ولەوەتەی فامیش دەکەم دژی هزری عیراقچێتی لەباشووری کوردستاندا بەهەر شێوازێك کە بۆم کرابێ خەبتیوم ودرێژەشی پێدەدەم ،چونکە پێموایە پرسی کورد نە لەبەغداو نە لە هیچ پێتەختێکی داگیرکەری دی چارەسەر نابێ وئەزموونی پارتە سیاسییەکانی کوردستانیش دەگەڵ ئەو رژێمانەدا تا دەگا بە ئەورۆ ئەو راستییەیان باش سەلماندووە،هەربۆیەش بەشداریکردنم لەهەڵبژاردنداجابەهەربیانوویەك بووایە لەسادەترین مانایدا بەڵگەی ئەوەبوو کە من عیراقیم وچاوی ئومێدیشم بڕیوەتە ئەو عیراقەی کەتاهەنووکەش سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی دەهەنبەر کورداندا درێژە پێدەدا .

30 جانیوەری رابردوو رۆژێکی بڕیاردەربوو بۆئەوانەی کەبانگەشەی کوردستانیبوون وبەنەفرەتکردنی عیراقیان دەکرد.هەربۆیەش پێموایە ئەوانەی لەم رۆژەدا دەنگیان دا بەرلەوەی دەنگیان بۆ پەرلەمانی عیراقدا بێت دەنگیان بۆمارەکردنەوەی باشووری وڵاتەکەیان لە عیراقدا داوەو ئەگەر لەمەودواش بانگەشەی کوردستانیبوون بکەن ئەوە دەبێ خۆیان بە دووڕوو بزانن.

- جیا لەو هۆیەی سەرەوە ئەز هەرگیز ئامادەنیم دەنگ بدەم بەکەسانێك کەپاڵەوانی شەڕی نێوخۆوجاش وبەعسی وفایلرەشن، ئەگەر لەکوردستاندا دەسەڵاتێکی دیمۆکراتیك هەبووایە ودادگاکانیش سەربەخۆبوونایە دەبوو ئەوانە لە پشتی شیشەکانی زینداندا بن نەك نوێنەرو دەمڕاستی کورد ، هەربۆیەش من بەتاونێکی زۆر گەورەی دەزانم – بۆ هەرمەبەستێك کە زۆریش ڕەوا بێت – دەنگیان بۆ بدەم وپێموابێت ئەو تاوانباروبەعسی وئەنفالچیانە ئایندەیەکی گەش بۆ کورد دەستەبەر دەکەن.!

-

بەشداری نەکردنی بەکۆمەڵی کوردلەهەڵبژاردنەکانی عیراقدا دەرفەتێك زێڕین بوو تا پێشانی هەموو دنیای بدەین کەئێمە چیدی نامانەوێ کۆیلەوژێردەستە بین کەبەداخەوە وەك چەندین دەرفەتی دیکە بەئاسانی وگەمژانە لەدەست دران ،دەرهاوێشتە پۆزەتیڤەکانی بەشداری نەکردنی کورد لەهەڵبژاردنەکانی عیراقدا زۆرتربوون لە دەرەنجامە نێگەتیڤەکانی ؛لانیکەم پرسی کوردی لەچوارچێوەیەکی داخراووقەتیس بووی نێوخۆی عیراقەوە دەبردە ئاستێکی نێودەولەتی واوە کەئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ناچاردەکرد وەکو کێشەیەکی سەربەخۆی گرگرتووتەماشای بکەن وچارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ بدۆزنەوە، چونکە هەتا دەسەڵاتتدارانی کوردستان روویان لەبەغدا بێ ودەرۆزەی چارەسەر کردنی پرسی کوردی لێ بکەن ،ئەمریکاو کۆمەڵگەی نێودەولەتی پرسەکە بەهەند وەرناگرن ونایخەنە نێو ئەجێندای ستراتیجی خۆیانەوە.

چاوەڕێکردنی دابینکردنی مافەکانی کورد لە بەغداوە جگە لەخەیاڵ وسەراب بەولاوە هیچی دی نییە چونکە دیدوبۆچوونی هیزو لایەنە سیاسیەکانی عیراق - جا شیعە بن یا سوننە سیکۆلار بن یا ئیسلامی- بەرامبەر دۆزی کورد روون وئاشکران وهیچی وای دەگەڵ بۆچوونی بەعس وشۆڤێنیستانی دیکەی عەرەب جیاوازنییە ، قسەو لێدوانەکانی بەرپرسانی عێراقی لە دووساڵی رابردوودا بەسن بۆئەوەی تێبگەین کەئەوان ئەگەر بۆیان بلوێ لە پەنابردنە بەر هێزی سەربازیش ناسڵەمنەوە بۆ سەرکوتکردنی کورد وبێ دەنگ کردنی، چونکە دواجار سیستانی وعەللاوی،چەلەبی وجەعفەریویاوەرو هاوشێوەکانیان ئەگەر لەگەڵ یەکدیشدا ناکۆك بن لێ لەبەرامبەر کورددا هاوبیرن وهەموویان دەرچووی یەك خوێندنگەن کە پێیوایە عەرەب باشترین نەتەوەی سەرزەمینن ودەبێ هەمیشە سەرداری نەتەوەکانی دی بن هەروەك لە قورئانەکەشیاندا هاتووە (کنتم خیر امە اخرجت للناس).. !